کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 0:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کێ لە کوشتنی ئەو کچە ئێزدییە بەرپرسیارە؟ ... ڕێبوار کەریم وەلی

بە بیرمە لە ڕانیە کاتێك ڕاپەڕین کرا، ژمارەیەك لە ئەمن و ئیستیخباراتەکانی بەعس لە لایەن خەڵکەوە گیران. ئەو گیراوانە بە بەرچاوی سەدان کەسەوە لە سەربانی مزگەوتی ناجیەخانی ڕانیەوە هەڵدەدرانە سەر دەیان سەرنێزە و هەنجن هەنجن دەکران. ئەو ڕۆژە خەڵك ڕقی خۆی لە سەددام و دارودەستەکەی بەو کەسانە ڕشت. دیمەنێکی قێزەونی نامرۆیی بوو کە موچرکی بە لەشی مرۆڤدا دێنا. ئەو ڕۆژە زاڵم و زوڵملێکراو وەك یەکیان لێهات. ئەگەرچی ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم کەمێك لەو ڕووداوەی ڕانیە دوورە کە لە بەعشیقە ڕووی داوە، بەڵام لە نیهاتدا هەمان ئینسانەکان بە قەناعەتەوە بێ ئەوەی زەرەیەك مرۆڤایەتی لە ناخیاندا ببزوێت، بە بلۆك و بەرد و پێلاقە کچێکی بە قەولی خۆیان (لە دین وەرگەڕاو) دەکوژن. تابلۆکە لەچاوی مندا وەك یەکە، مرۆڤەکان کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست داوە و پەنایان بردۆتە بەر بەربەرییەت.

بڕوا ناکەم جگە لەو حەشامەتە سەدان کەسییەی کە بە هەلهەلەوە ڕۆژی حەوتی نیسان بە نامرۆڤانەترین شێوە ئەو (دوعا) ئەو کچۆڵە ئێزدییەیان کوشت، کەسی دیکە بتوانێ ئەو وێنە 10 خولەکییە ببینێت کە بە کامیرای مۆبایل تۆمار کراوە. مرۆڤ بە دیتنی کاس دەبێت و ئەوکاتەیە کە دەزانی وڵاتەکەت بۆنی مافی مرۆڤی لێنایەت. ڕۆبۆت گەلێکن کە هەموو ساتێك دەتوانن ئینسان بکوژن و شەو بە خەیاڵی ڕاحەتەوە سەر بنێنەوە.

من زۆر بەدرەنگەوە ئەو دیمەنانەم بینی، نازانم تا ئێستا لە کوردستان چەند کەس ئەو وێنەیەی دیتووە کە سەدان گەنج بە هەلهەلەوە کچێك بە بلۆك دەکوژن، ڕووتیان کردۆتەوە و چێژ لە لەشی ڕووتی مردوویەك دەبینن، کێشەکە نە ناموسە و نە ئەوەیە کە کچەکە ویستبێتی ببێ بە موسڵمان، بگرە گەڕانەوە بۆ ناخی نامرۆڤانە و بەربەرانەی کەسانێکە کە دەتوانن لە تەرمی مردوویەك هەموو جۆرە چێژێك وەرگرن. خۆپێشاندانی خەڵکانێکە کە دەیانەوێ بەم شێوەیە تەحەددای کۆمەڵگای موسڵمانی پەلاماردەر بکەن و پێیان بڵێن ئێمەش هەین. ئەو تەحددایەی ئەوان لەسەر حیسابی کوشتنی کیژۆڵەیەکە کە تەنها 16 بەهاری تەمەنی دیوە و عەشقی بۆ کوڕێك هێندە گەورە بووە کە ویستوویەتی کۆت و بەندی دین و مەزهەب بپچڕێنێ و لە دین وەرگەڕێ.

کێ تاوانبارە، ئەو سەدان گەنج و پیرە ئێزدییەی کە بە بلۆك کچێك دەکوژن، بە موبایل وێنەی دەگرن و دواتر عەورەتی ڕووتی مردوویەك نیشانی یەکتری دەدەنەوە؟ حکومەت و پارتە سیاسەیەکان یان کۆمەڵگای موسڵمان؟

هەر ڕووداوێك کە ڕوودەدات پێشینەکی هەیە، نازانم ڕووداوەکە شێخانتان بە بیرە کە چەند مانگێك بەر لە ئێستا خەڵکانێك لەسەر هەڵگرتنی ژنێك لە لایەن گەنجێکی ئێزدییەوە چوونەسەر ئێزدییەکان و هیچ حیسابێکیان بۆ یاسا و سەروەرییەکەی لە کوردستاندا نەکرد؟ ئەو کەسانە کە خەڵکی دەست ڕۆیشتووی ناوچەی بادینان بوون، لەدژی ئەو چەند هەزار ئێزدییەی کوردستان کە کورد بە برای خۆیانیان دەزانن ئیعلانی جیهادیان کرد و بە ڕۆژی ڕووناك خەڵکی ئێزدییان کوشت و سەیارەیان ئاگر تێبەردان. ئەو ڕووداوە زۆر بە ئاسانی بەسەر هەمووماندا تێپەڕی و چارەسەرێکی بنبڕ نەکرا. لەوەوە خەڵکانێکی دەمارگرژی ناو ئێزدییەکانیش بە فیتی موخابەراتی سوریا وەخۆ کەوتن تا فتیلی شەڕی نێوان ئیسلام و ئێزدییان ئاگر بدەن. لە بەحزانی کۆمەڵە ئێزدییەك بەناوی بەرگری لە قییەمی ئێزدییەکان خۆیان پرچەك کرد. لە دەلیڤەیەك دەگەڕان تا نمایشێکی گەورە ڕێك بخەن. ئەو کچە ئێزدیەش کە گێرۆدەی عەشقی کوڕە ئیسلامێك بوو، باشترین بیانوو بوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوەی ئێستا ڕووی داوە و وا خەریکە ڕوو دەدات، ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی کەمتەرخەمیی حکومەت لە لایەك و پارتە سیاسیەکانە لە لایەکی دیکەوەیە. ئەو دیمانەی کە بە مۆبایل لەسەر کوشتنی ئەو کچە نەوجەوانە بڵاو بوونەتەوە تەنها نیشانەی بەربەرییەت و دواکەوتووی و تەعەسوبی مەزهەبی نین. ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێ. قانوون لە وڵاتی ئێمەدا تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە لە ڕووی جەهالەت و پێویستییەوە مزخەی ئاو دەدزن، ماڵی خەڵك دەبرن، یان لە کەبتی جنسییەوە نێربازی دەکەن. بڕۆن سەیری زیندانەکانی کوردستان بکەن، نابینین سەرۆك عەشیرەتێك بە تاوانی کوشتنی کچەکەی کە حەزی لە کوڕێك کردووە گیرابێت، نابینن پیاوێکی دەستەڵاتدار بە تۆمەتی کوشتنی ژنەکەی لە گۆشەی زیندان پاڵی دابێتەوە. کاتێك کاربەدەستێکی حکومەت شاهیدی کوشتنی زیناکارێك دەبێت لە هەولێر، ئیتر لەوێ قانوون ناوی نامێنێ. قانوون لە وڵاتی ئێمەدا لە بەرامبەر سوڵحی عەشاییریدا بەچۆك داهاتووە و خوێنبەهای کوشتنی ژنێك 2 دەفتەر دۆلار و هی پیاوێك چوار پێنج دەفتەرە! ئینجا سەرەرای سەروەریی یاسا، پەیتا پەیتا وەك دەستکەوتێکی گەورە هەواڵی سوڵحە عەشاییرییەکان لە رۆژنامەکاندا دەخوێنینەوە! ئەمە چەندی بەچەندە؟

سەدان تەمبەڵخانە بەناوی کۆمەڵگای مەدەنییەوە لە کوردستان کار دەکەن، ئامادەن بۆ زیادکردنی 5000 دینار مووچە بەردەرگا بە حکومەت بگرن و مان بگرن لە کار کردن، بەڵام قەت حازر نین بۆ پاراستنی خوشك و دایکەکانی خۆیان لە تیغی پاراستنی نامووس و شەرەف، گوشار بۆ حکومەت بێنن.

دەمەوێ بگەڕێمە سەر ڕووداوەکەی بەعشیقە. ڕەنگبێ ئێستا خەڵکانێك بڵێن کە ئەو شوێنەی ڕووداوی کوشتنی کچەکە ئێزدییەکەی تێدا ڕووداوە لە ژێر دەستەڵاتی حکومەتدا نییە و بەعشیقە سەر بە موسڵە. بەڵام ئەدی لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی چی؟

تەنها لە ماوەی ساڵی ڕابردوو ئاماری تۆمار کراو لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئاشکرای دەکات کە 30 ژن کە هەولێر و دهۆك بە بیانووی پاککردنەوەی نامووس لە لایەن کەسوکاریانەوە تیرۆر کراون، لە سلێمانی و گەرمیانیش ئەگەر لەو ژمارەیە زۆرتر نەبێ کەمتر نییە. کوا هەڵوێستی بێ هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خوشکان و دایکان؟ کوا هەڵوێستی ڕێکخراوە مەدەنییەکان؟ کوا سەروەریی یاساکانی کوردستان کە دەڵێ نابێ ژن بە بیانووی پاککردنەوەی نامووس بکوژرێت؟

ئەو ڕووداوەی بەعشیقە تەنها کوشتنی وەحشیانەی کچێك نییە و خەریکە ئاگرێکی گەورە بەرپا دەبێت کە لەناو کەشوهەوای پڕ لە تەسامحی کوردستان نمونەی نەبووە. جیا لەوە کوشتنی ئەو کچە وا خەریکە ئەمنی قەومیی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە. دوای کوشتنی ئەو کچە نەوجەوانە باوك و دایکی کچەکە لەبەرامبەر ئەو وەحشییەتە بێدەنگ نەوەستان و داوای یاساییان لەسەر ئەو شێخە تۆمار کردووە کە کچەکەیانی لە ئاسایش وەرگرتۆتەوە و ڕێگای داوە ئەو خەڵکە نەفامە بیبەن و ئەوەی بەسەر بێنن. بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا بەیانێکی دەرکردووە کە کچەکەی لەسەر ئەوەی بووە بە ئیسلام کوژراوە و ئەوەش بیانووی بۆ ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامیەکانی ناو موسڵ خۆش کردووە کە شەلم کوێرم دەست بە قەتڵوعامی ئێزیییەکان بکەن و تا ئێستا زیکەی سی کەسیان بەو بیانوە تیرۆر کراون. ڕێکخراوی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی هەڕەشەی لە هەموو ئێزدییە دانیشتووەکانی ناو شاری موسڵ کردووە کە شارەکە بەجێبێڵن، ئێزدییەکان ڕا دەکەن، بەڵام بۆ کوێ ڕا دەکەن؟ ئێزدییەکان دەچنە ناو سوریا و لە سوریا بە ڕوویەکی گەشەوە پێشوازییان لێ دەکرێ. بەپێی زانیارییەکانی من 17 هەزار کەسی ئێزدی ناوی خۆیان نووسیوە تا کوردستان بەجێبێڵن. ئەم ڕاکردنەی ئەوان نەك هەر سووکایەتییەکی گەورەیە بە تەسامحی ئایینیی کوردستان، بگرە گورزێکی گورچکبڕیشە کە لە مادەی 140 دەدرێت. ئەو ناوچانەی دانیشتوانەکانی ئێزدین هەموویان ئەو شوێنانەن کە بەدرێژایی مێژووی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
29-4-2007 0:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
ڕزگاریخوازانەی کوردستان هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ سەر کوردستان دراوە و ئێستا بە ڕۆیشتنی ئێزدییەکان لە ڕیفراندۆمدا قەت ناگەڕێنەوە سەر کوردستان.
بۆیە تاوانبارانی ئەم بارودۆخە هەر کەس و کەسانێك کە بن دەبێ بدرێنە دادگا و حکومەت وێڕای سزادانی بکوژانی ئەو کچۆڵە بێتاوانە، متمانە بۆ ئێزدییەکان بگەڕێنێتەوە. بەداخەوە ئەوەی من لە نووسینەکانی ئەو دوواییەدا لەمەڕ ئەم بابەتە خوێندومەتەوە ئەوەیە کە هەموو تەسلیمی عاتیفەیەکی کوێرانە بووینە و گوێم لێ بووە کە خەڵکی ڕۆشنبیریش خۆشخاڵیی خۆیان بەو تەقینەوانە دەربڕیوە کە گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی لە بەرامبەر ئێزدییەکان کردوویانە. ئەمە هەڵەیە، چونکە هەر کەسێك کەمێك لەبارەی ئێزدییاتیەوە شارەزایی هەبێت دەبینێت کە ئەو ڕەفتارە بەربەرییانەی ئەو خەڵکانە بەرامبەر بە دوعا ئەنجامیان داوە لە ناویاندا سابیقەی نەبووە، بۆیە دەبێ حکومەت بەپەلە دەست بەسەر ئەم مەسەلەیەدا بگرێت و ڕێگە نەدا تەشەنە بکات. ئینجا ئاوڕێکی بەپەلەش لە مەسەلەی قەتڵی ناموسی بداتەوە و ڕێگە لە سوڵحی عەشایریش بگرێت.

Rebwar2001@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.